# کەڵـەشێر و فەڕاش!

**نەوزاد وەلی**

برادەرێکی بەتەمەنم ، لـەم دوایـیەدا دوو نوکتەی خۆشی بۆ گێڕامەوە کە کاتی خۆی (فەهد)ی دامەزرێنەری حیزبی شیوعی عێراق لـە بەندیخانەدا ، بۆ هاوڕێ بەندییەکانی گێڕاوەتەوە. ئەو دوو نوکتەیەی (فەهد) دەربارەی سیاسییەکانی ئەو سەردەمەی ڕژێمی پاشایەتی بووە ، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ کوتومت بەسەر سیاسییە چەپەکان و ڕۆشنبیرەکانی ئەم ڕۆژگارە سەیرەدا ئەگونجێت!.

* کابرایەك لـە ئاواییەکدا کەڵـەشێرێکی هەبوو کە زۆر بە دەنگی بەرز و لـە کات و ناکاتدا ئەیخوێند. خەڵکی ئاوایی وەڕس بووبوون ، بەڵام لـەبەر دڵـی خاوەنەکەی هیچیان پێنەئەکرا.
مەلای ئاوایی زۆرزان بوو ، وتی من چاری ئەکەم!. ڕۆژی دواتر دەنگی کەڵـەشێر نەما! خەڵکی ئاوایی هەر یەکەیان شتێکی ئەوت: دیارە یان مەلا کەڵـەشیرەکەی کوشتووە! یان خاوەنەکەی ڕازییکردووە کە سەریببڕێت! دواتر بینییان کەڵـەشێر زرت و زیندوو بوو! چوونە لای مەلا و وتیان مامۆستا ئەو موعجیزەیە چیە؟ مەلاش لـە وەڵامدا وتی نە موعجیزەیە و نە تەڕەماش! دانم بۆ ڕۆکرد ، هات ، گرتم و (قونی)م چەورکرد ، وەك ئەیبینن ، کاتێك کە ئەقوقێنێت ، (بیلا مەعنێ) لـە خوارەوە دەرئەچێت! ئیتر ئێوەش هەر ئەوەندەتان لـەسەرە کە جارجار قونی چەوربکەن!.
بەڵـێ .. لـەم سەردەمەشدا (هەندێك) لـە سیاسی و ڕۆشنبیرە بەناو چەپ و پێشکەوتنخوازەکان ، جارجار وەك کەڵـەشێرەکە ، بەڵام بە پێچەوانەوە ، ئەمان دەمیان چەورئەکرێت و بێدەنگ ئەکرێن.
**ئای .. چ ڕۆژگارێکی سەیرە! ئای لـە تراجیدیای چەپ ، ڕۆشنبیریی و پێشکەوتنخوازیی لـە وڵاتی کوردستانی خێرنەدیوی ئێمەدا!.**

* فەڕاشی قوتابخانەیەك زۆر بە پەرۆشەوە کاریئەکرد و هەمیشە خەریکی خزمەتکردنی بەڕێوەبەرەکەی بوو ، تەنانەت زۆربەی کاری ماڵـی بەڕێوەبەریشی ئەکرد.
ڕۆژێك برادەرێکی پێیئەڵێت: ئەرێ تۆ بۆچی وا خۆت بۆ ئەو بەڕێوەبەرە سەغڵـەتکردووە و لـە شین و شاییدا هەر خزمەتی ئەکەیت؟ ئەرێ پێم ناڵـێیت (معاشەکەت) چەندە؟
کابرای فەڕاش بێ یەك و دوو ئەڵێت: معاشی من و بەڕێوەبەر ، پێکەوە چل و پێنج دینارە!
بەڵـێ .. لـەم ڕۆژگارە سەیرەی کوردستانیشدا حیزبێکی بچوکی بەناو چەپ هەیە کە یەکێك لـە بەرپرسەکانی کوشتەی خۆدەرخستن و ناو و ناوداریيە و بێئەندازە حەزی لـە وتاردانە و خوا هەڵناگرێت دەنگێکی شێرانەشی هەیە!.
لـە کۆڕێکدا لـێیئەپرسن: ئەرێ چەند کورسیتان ئەدرێتێ لـە پەرلـەمانی کوردستاندا؟
ئەویش بە ساکاریی و دڵنیاییەوە ، ئەڵێت: لـەگەڵ هاوپەیمانەکانماندا هەموو سەد و یانزە کورسییەکەی پەرلـەمانمان هەیە!
**بەڵـێ .. هەر وەك کابرای فەڕاش ، ئێستا و ئەوساش نەیوت کە سێ کورسی ، خێریان پێکردوون!!!.**

2005-1-23